لەپێناو چەسپاندنی دادگەری و هێنانە کایەی کۆمەڵگایەکی دوور لە توندو تیژی و جیاکاری ڕەگەزی ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**
**بڕیاری ژمارە (7)ی ساڵی 2015**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (1)ی ماددەی (10)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بەپاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (8) لە 13/ 4/2015 بریارماندا بەدەرکردنی:

**یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2015**
**یاسای ئامادەکردنی پڕۆژەی دەستوری کوردستان ـ عێراق بۆ ڕا پرسی**

**ماددەی (1):**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە کە لەم یاسایەدا هاتووە:

یەکەم: پەرلەمان: پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق.

دووەم: پڕۆژە: پڕۆژەی دەستوری کوردستان ـ عێراق.

سێیەم: لیژنە: لیژنەییەکی تایبەتمەندە کار دەکات بۆ ئامادەکردنەوە و هێنانە کایەی سازان لەسەر پڕۆژەی دەستوری کوردستان ـ عێراق بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەمەزرێت.

**ماددەی (2):**

یەکەم: لیژنەیەك بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێ کە دەکرێت ئەندامی پەرلەمان بن، یان لە دەرەوەی پەرلەمان، بەمەرجێك پسپۆڕ یان خاوەن ئەزموون بن و، ڕێژەی ژنان و نوێنەرایەتی پێکهاتە نەتەوەییەکان لە خۆبگرێت.

دووەم: لیژنەکە لە (21) بیست و یەك ئەندام زیاتر نەبێـت.

**سێیەم:** پێویستە لیژنەکە لە ماوەیەکدا کە لە (30) سی رۆژ زیاتر نەبێت لە رێکەوتی دەرچوواندنی ئەم یاسایە پێك بهێنرێت.

**چوارەم:** بڕیارەکانی لیژنە بە سازان دەبێت.

**ماددەی ( 3 ):**

**یەکەم:** لیژنە لە ماوەیەکدا کە لە (90) نەوەد رۆژ زیاتر نەبێـت لە رێکەوتی پێکهێنانیەوە، کارەکانی تەواو دەکات.

**دووەم:** ئەگەر لەو ماوەیەدا لیژنەکە کارەکانی تەواو نەکرد پەرلەمان بۆی هەیە بەپێی پێویست ماوەکەی بۆ درێژ بکاتەوە.

**ماددەی ( 4 ):**

پڕۆژەی ئامادەکراو بە هەردوو زمانی (کوردی و عەرەبی) پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکرێت.

**ماددەی ( 5 ):**

کۆی پڕۆژەکە بە ڕەزامەندی لانی کەم (3/2)ی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان پەسند دەکرێت.

**ماددەی ( 6 ):**

بە مەبەستی ئاگایی هاولاَتیان، پڕۆژەی دەستوری پەسندکراو لەلایەن پەرلەمانەوە بە زمانەکانی پەیرەوکراو (کوردی، عەرەبی، تورکمانی، سریانی و ئەرمەنی) چاپ و بلاَودەکرێتەوە.

**ماددەی ( 7 ):**

**یەکەم:** سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە ماوەیەکدا کە لە (30) سی رۆژ تێپەر نەبێت رۆژێك بۆ ڕاپرسی گشتی دیاری دەکەن.

**دووەم:** ڕاپرسی بە ڕا دەربڕین دەبێت لەسەر ئەم پرسیارەی خوارەوە:

(ئایا رەزامەندیت لەسەر پڕۆژەی دەستوری کوردستان ـ عێراق؟)، وەلاَم بە (بەڵێ) یان (نەخێر) دەبێت.

**سێیەم:** پڕۆژەکە بە دەنگی زۆرینەی دەنگدەران بە پەسندکراو دادەنرێت.

**ماددەی ( 8 ):**

ئەو مەرجانەی بۆ دەنگدەر لە دەنگدانی گشتییدا پێویستن بەپێی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو پێویستە لەو کەسەدا هەبێت کە بەشداری ڕاپرسی لەسەر پڕۆژەکە دەکات.

**ماددەی (9):**

لەسەر لایەنی پەیوەندیدار پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

**ماددەی ( 10 ):**

**یەکەم:** یاسای ژمارە (16)ی ساڵی 2008 هەموارکراو هەڵدەوەشێتەوە.

**دووەم:** بڕیاری ژمارە (8)ی ساڵی 2009 هەڵدەوەشێتەوە.

**سێیەم:** کار بە هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی ( 11 ):**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**
2015/4/23

## هۆیەکانی دەرچواندن

لەپێناو هێنانە کایەی سازان و، دانانی میکانیزمی پێویست بۆ ئامادەکردنەوەی پرۆژەی دەستور و پەسەندکردنی لە راپرسیەکی سەرتاسەریدا ئەم یاسایە دانرا.